www.xebat.net
چوارشەممە 2017/9/13 ژمارە (5347)
خەبات

# لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەمووان بەشدار دەبن

## نالین خەسرەو: وڵات بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، بۆیە بەشداریکردن لە ریفراندۆم ئەرکێکی نیشتمانییە

## باوکی ئەحمەد: مادام کوردستان سەربەخۆ دەبێت، کرێکاریش بکەم لەلام نەنگ نییە

## دایکی پرژین: بڕیارمداوە بەشداری ریفراندۆم بکەم و دەنگیشم دەنگی بەڵێ دەبێت



**راپۆرتا / پەری عومەر**

درەوشاوەترین چارەسەر بۆ بنبڕکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان کە هەموو لایەک لە پێشوازیدان، رۆژی( 25ی ئەیلوولی 2017)ـەیە، کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت،هەر سەبارەت بە گەشبینی دایکان و باوکان بۆ دوارۆژی نەوەکانیان بەباشمانزانی ئەم راپۆرتە ئامادەبکەین.

"چیمەن ئەیوب" وەک دایکێک کە لەخەمی داهاتووی نەوەکانی دایە زۆر بەدڵسۆزییەوە گوتی: باوکی منداڵەکانم کە هەموو خەمی سەربەخۆیی کوردستانە پێیگوتووم تاوەکو پرۆسەی ریفراندۆم بەڕێوە نەچێت ئێمە هیچ ناکەین، چونکە مرۆڤ دەکرێت رووت و برسی بێت، بەڵام ناکرێت ئازاد نەبێت، هەر بۆیە بڕوامان بەمنداڵەکانمان هێناوە کە لەم قۆناغەدا تەنها لەخەمی سەرکەوتنی ریفراندۆم دابن، چونکە ریفراندۆم لەهەموو شت گرنگترە،ئەوەیشی لای گرنگ نیە دیارە هیچ رۆژێک لە ژێر ستەمی زۆرداری رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ نەژیاوە، ئازاری بێ کەسی و جەرگ سووتان و برا شەهیدی و باوک شەهیدی نەدیوە، بۆیە داوا لەگەلی کوردستاندەکەم کە بە گوڕ و تینەوە لە کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی کوردستان بەشداریبکەن.

ئەوەی گرنگە کوردستان سەربەخۆبێت

" دایکی پرژین" هەر سەبارەت بە بابەتەکەمان هاتە دوان و گوتی: بەهۆی شەڕی داعش و قەیران بڕیارمداوە هەرجلەکانی ساڵی رابردوو بۆ "پرژین" ئوتوو بکەم،گرنگ کوردستان سەربەخۆ بێت،هەر بۆیە ئامادەم جلی پینەکراو لەبەر منداڵەکەم بکەم و بینێرم بۆ قوتابخانە، ئێمە نارەحەتی و ئازاری زۆرمان دیوە، بە دەست وڵات داگیرکراوی و بێ وڵاتی، بۆیە داواکارم هاووڵاتیان بچن بۆ دەنگدان و بە بەڵی دەنگ بدەن بە ریفراندۆم، داواکاریشم لە دوکاندارەکان کە داشکان لە (جل و بەرگ)ی قوتابیان بکەن، وەک هاوکاریەک بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن دڵی منداڵەکانیان رازیبکەن.

بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت ئامادەم هەموو هەوڵێکبدەم

"باوکی ئەحمەد" ئەمیش وەک باوکی قوتابیەکی تاقانە و گوتی: مادام کوردستان سەربەخۆ دەبێت، کرێکاریش بکەم لام نەنگ نیە بۆ کرینی جلی قوتابخانە بۆ کورەتاقانەکەم کە ئەمساڵ دەچێتە قوتابخانە،لام سەیرە بەشێک لەخەڵکی ئێمە خۆیان زۆر پەریشان کردووە بەدوای وشەی (نەخێر) کەوتوون.

کاریگەری مامۆستایان لەسەر سەرکەوتنی ریفراندۆم

لەکۆتاییدا مامۆستا" نالین ئەحمەد" وەک توێژەرێکی دەروونی لەبارەی بارو دۆخی دەروونی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و نزیکبوونەوەی ریفراندۆم وەک دایکێک گوتی: وڵات بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، بۆیە بەهیوام مامۆستایان هەوڵ و کۆششی خۆیان بدەن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، لەراستیدا خەڵکی هەرێمی کوردستان بەبڕوای من ئەوەندەی تێنووی ژیانێکی سەربەرزانە و ئازادین تێنوی ئاو و نان نین، داواکارم لە دایکان و باوکانی قوتابیان بە عەشقەوە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بڕۆن و دەنگ بە بەڵێ بدەن بۆ ئازادی کوردستان.

---

# لە پرۆسەی سەربەخۆییدا

# کات وەک شمشێرە ئەگەر نەیبڕین دەمانبڕێت!



**مافپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی**

هاوپەیمانیەتی ئێران، ئەسەد، حزبواللە، حشدی شعبی، داعش، کە ئێران ژێر بەژێرەوە سەرۆکایەتیان دەکات بە هەموو هەوڵ و توانای خۆیانەوە هەوڵ دەدەن شکست بە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بێنن. رێکەوتنی ئەسەد و (حزب الله)ی لوبنانی بە گواستنەوەی داعشەکانی سەر سنووری لوبنان سوریا بو سەر سنووری سوریا عێراق، هەویرێکە ئاوی زۆری هەڵدەگرێت،



هادی عامری سەرۆکی حەشدی شەعبی لە لێدوانێکدا بەهانەی بۆ دەدۆزییەوە گوایە ئەم داعشانە دەگوازرێنەوە بۆ دێرەزور کە ئەو شوێنە دوورە لە سنووری عێراق، بەڵام لە راستیدا ئامانجیان بۆ راوە و قائیمە نەک دیرەزور، بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئەمە دانپێدانانە کە حەشدی شەعبی و داعش لەژێر بەژێرەوە هاوپەیمانی راستەقینەی یەکترن ئەگەر ئامانجیشیان هاوبەش نەبن بەڵام سود لە یەکتر وەر دەگرن، پێموایە ئەم جارە ئامانجیان داگیرکردنی سونەنستان نییە، بەڵکو یەکێک لە ئامانجەکانیان لەوانەیە لەبار بردنی دەوڵەتی کوردستان دەبێت، ئامانجی تریشیان دروستکردنی هیلالی شیعیە کە بە هۆی ئەم هیلالە شیعیەوە ئێران دەتوانێت بە دەیان ئامانجی سیاسیتری بپێکێت.

هەر لەم بارەیەوە وتەبێژی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەری داعش گوتی: ئێمە بەهیچ شێوەیەک رێ نادەین داعش بچێتە ناو سنووری عێراق، بەڵام لە لایەکیترەوە بەرپرسە ئەمریکییەکان دەڵێن هێشتا کات ماوە بۆ ریفراندوم، چونکە شەری داعش لە ئارادایە، سەرەرای ئەوەی کە داعش لە موسل و تەلەعفەریش دەرکران و شەری داعش لە حەوێجەش تەنها بەشی دوو هەفتە دەکات دەکرێت کوتایی پێ بێنن.

بەڵام لەوانەیە سەرەتای شەرێکیتر دەست پێبکات ئەویش شەری پێشمەرگە لە دژی هاوپەیمانییەکی ژێربەژێری نهێنی داعش حەشدی شەعبی بێت، بەڵام لێرەدا کۆمەلێک پرسیاری گرنگ دێنە پێش ئایا ئەم هەوڵەی ئێران سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانێت شکست بە پرۆسەی ریفراندوم و سەربەخۆیی کوردستان بێنێت؟ ئەگەر ناتوانن شکست بەم پرۆسەیە بێنن ئایا خویان لە قەرەی ئەم شەرە دەدەن؟ لە کاتێکدا ئەمریکا دژی ئەم هەولەی ئێرانە، ئایا ئەمریکا زوو لەسەر ئەم بابەتە بەخەبەر دێت و پەلاماریان دەدات ئەگەر رویدا یان هەندێک خۆی مات دەکات تا ئەوان پەلاماری ئێمە دەدەن ؟، لە کاتێکدا هەزار چەکداری داعش لەگەڵ هەندێک لە خێزانەکانیان بە پاس دەگوێزرێنەوە بو نزیک سنووری عێراق لە پێش چاوی فرۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بە بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت!

من پێموایە سەربەخۆی کوردستان بوویتە کارێکی (حتمی) هەر دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوراز و نشێوی تێدایە، ئەگەر ئێمە پەلە نەکەین لە زووترین کاتدا سەربەخۆیی رانەگەینین، ئەگەرێک هەیە لەوانەیە ئەوان بتوانن شکستمان پێ بێنن، هاوشێوەی هاوپەیمانێتی ئێران روسیا بە هۆی درێژەدان بە کات توانیان ئەسەد لە لێواری لەناوچوون بگەرێننەوە و هێشتوویانەوە.

بۆیە ئێران لە رێگەی کەنالە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە بە هەندێک کەنالی ناوخۆیی کوردستانیشەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات پرۆسەی سەربەخۆیی دوابخرێت بە بیانووی ئەوەی گوایە ئێستا کاتی نییە، تا بتوانێت پلانە گلاوەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

بەڵام خوشبەختانە سەرۆکی هەرێم چەندین جار جەختی کردیتەوە کە بە هیچ شێوەیەک ریفراندوم دوا ناخرێت و لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام هیوادارم لە دوای ریفراندۆم راستەوخۆ سەربەخۆیی رابگەیەنرێت، سەرەرای ئەوەی بۆ هەر رۆداوێک کاردانەوەی تایبەت بە خۆی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێستا ئێمە لە ژێر کۆمەڵێک پالەپەستۆی نێودەوڵەتیداین، چونکە لەو کاتەی لە 7ی حوزەیران کە رۆژی 9\25ی بۆ ئەنجامدانی راپرسی دیاریکرا، لەو روژە بەدواوە لە زور لاوە گورگمان بۆ پەیدابوون و پرسی سەربەخۆیی لە پرسێکی ناوخۆییەوە بوو بە پرسێکی نێودەوڵەتی لە زور لاوە هاتنە دەنگ، بەڵام ئەوەی جێی خۆشحالییە بێجگە لە وڵاتە هەرێمییەکان هیچ وڵاتێکی جیهان دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان رانەگەیاندووە، هەروەها ئەوەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ورەمان بەرز بکەین و بەسەر کۆسپی وڵاتە هەرێمیەکاندا زاڵبین و سەربەخۆی خۆمان راگەینین (واللە فی عون العبد ماکان العبد فی عون اخیە)

.

لەوانەیە یەکێک لەو ئاماژانەی نیاز خراپی سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراقی پیشان دەدات دواخستنی کونترول کردنەوەی حەوێجە و تەلەعفەر بێت، بۆ ئەوەی لە دواجار کوتایی بەداعش دێت، ئەم هێزە عێراقیانە لەم شوێنانە جێگیر بکرێن بۆ ئەوەی جارێکیتر پێویستی بە جولاندنی هێز نەکات و ئەگەر پیلانێکیشیان هەبێت تا بتوانن کوتوپر جێبەجێ بکەن. بەڵام من لەو باوەرەدام هەر کارێکی لەم شێوەیە ئەگەر لە دوای شەری داعش ئەنجام بدرێت، سەرەتا عێراق دەڵێت پێویستیمان بە هێزی هاوپەیمانان نەماوە لەو کات ئەوان دەست کراوەتر دەبن، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوپەیمانان لە کوردستان دەمێننەوە و ناکشێنەوە و من وای بۆ دەچم کە پارێزگاریشمان لێ دەکەن.

---

# سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی کوردستانییانە بەبێ جیاوازی



**سەلاح بەیتوڵا ئاکرەیی**

لە سەرەتادا دەمەوێت بلێم ئەمرۆ رۆژی کوردستانییانە بە گشتی و بێ جیاوازی نەتەوە ، ئایین، زمان، دەرفەتێکە بە درێژایی سەدان ساڵە وەک ئەم دەرفەتەی ئەمرۆ بۆ گەلی کوردستان نەرەخساوە و نارەخسێت، لە هیچ قۆناغێکی مێژووی سیاسی ناوچەکەدا بەم شێوەی ئەمرۆ دەرفەت بو گەلی کوردستان نەهاتۆتە پێش چونکە لە رابردودا هوکاری ناوخویی و هوکاری دەرەکی هەردوکیان بە یێکەوە نەک هەر فاکتەری یاریدەدەرنەبوون بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان، بەڵکو بە هۆی زاڵبوونی بەرژەوەندیەکان و هاوتەریب بوونی ئەو بەرژەوەندیانەی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتە سەردەستەکانی ناوچەکە ئیتر واتاییک نەمابوو بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بۆیە مافی بڕیاردانی گەلانیش لە سەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان کەوتە بەر هێرش و پەلامادان و گەلی کوردستانیش پشکی سەرەکی ئەو هێرش و پەلامارانەی بەرکەوت.

خاک دابەش کرا ، نیشتیمان خاپوورو وێران کرا، کەرامەت و ناسنامە زەوت کرا وهەوڵی سڕینەوەی جوگرافیاو دیموگرافیا درا ،زیندە بەچاڵ کرا، کیمیابارانکرا واتە هیچ نەما لە دژی ئەم گەلە بەکار نەهاتبێت هەمو ئەمانە و زوری تریش لە پێناو سڕینەوەی کوردو کوردستان بووە.

گەلی کوردستان هەرگیز ئیرادەی سیاسی خوی تەسلیم بە دوژمنانی خوی نەکردووە و ناکات و بە درێژایی قوناغەکان بەرپەرچی دوژمنە سەرسەختەکانی خوی داوەتەوە و توانیویەتی پارێزگاری لە کەرامەت و ناسنامەی خوی بکات و بیپارێزێت تا ئەمرو وە مێژوی سیاسی ئێمە پڕە لە قوربانیدان و خەبات و تێکوشانی گەلی کوردستان لە پێناو ئامانجێکی مەزن دا ئەویش سەربەخویی کوردستان بووە .

ئەگەر لە رەوشی سیاسی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و عیراقی وورد ببینەوە پێش ساڵانی نەوەدەکان دەبینین لە هەمو لاییێکەوە و لەسەر هەمو ئاستەکاندا دوزی رەوای گەلەکەمان گەمارو درابوو و ئەوەی گرنگیش بوو بو کومەڵگای نێودەوڵەتی پاراستنی سیادەی دەوڵەتان بوو نەک مافی گەل و نەتەوەکان بویە تا دەهات رژیمە دیکتاتوری و توتالیتارەکانی ناوچەکە زیاتر دەبونە هەرەشە لە سەر کەمەنەتەوە بێ دەوڵەتەکان و پەلاماری کەمە نەتەوەکانیان دەدا نموونەش گەلی کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بێ جیاوازی و کەوتە بەر زوڵم و زورداری رژیمە یەک لە دوا یەکەکانی عیراق و لەسەرووی هەمووشیانەوە رژیمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ.

دوای کوتایی هاتنی شەری سارد نێوان ئەمریکا و یەکیەتی سوڤیەتی جاران ئیتر بەرەبەرە چەمکەکانی دیموکراسی، مافەکانی مروڤ و ئازادی وەدەرکەوتن گەلی کوردستان بە هوی ئەوەی کە گەلێکی ئاشتیخوازەو هەڵگری چەشنە کولتورێکە کە هاوتەریبە لە گەڵ هەمو ئەو پرەنسیپ و بنەمایانە کە تەعبیر لە دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مروڤ دەکەن لە جیهان دا خوی گونجاند و بە شێوەیێکی کردارەکی ئەوەی بو مروڤایەتی سەلماند و سیماییێکی شارستانی جوانیشی پیشانی مروڤایەتی دا و پەیامی راستەقینەی خۆی وەک خوی کە هەیە نەک وەک ئەو وێنەیەی کە سەدان ساڵە دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان پیشانیان دەدا و سیمای جوانی گەلی کوردستانیان دەشێواند .

سەرباری هەموو ئەم غەدرەی کە دەرحەق بە گەلی کوردستان کرا گەلی کوردستان داوای پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ی کردووە لە گەڵ عیراق و بە شێوەییێکی ئارەزومەندانە لە ساڵی ـ ساڵی روخاندنی بەعسی فاشی و سەدامی گۆڕبەگۆڕ بەشداری دەوڵەتی نوێی عیراقی کرد بەو پێییەی کە وەرچەرخانێکی سیاسی نوێییە و لە سەر بنەمای تەوافوقی سیاسی دەوڵەتی عیراق بونیاد نراوە وە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی سەرەکی بینی لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا، بەڵام نوخبە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی عیراق ئەوەندەی ویستی گەڕانەوە بو سەر ئەقڵیەتی رژیمە سیاسیەکانی پێش ـ یان هەبووە و هەیە هیچ ئاماژەیێکیان پێوە دیار نە بوو لە جێ بە جێ کردنی مادە و برگە دەستوریەکان ئەوانەی کە تایبەت بوون بە ماف و داخوازیەکانی گەلی کوردستانەوە و زوربەی هەرە زۆری مادەکانی دەستوور پێشێل کران و عیراقیان بەرەو دەسەڵاتی تاکرەوی و زۆرینە برد .

بۆیە مانەوە لەگەڵ ئەقلیەتێکی سیاسی وەها خۆکوژیە و بەس و ئەمرۆ دەرفەت بوو گەلەکەمان لەبارە و مافی خویەتی بڕیار لە سەر چارەنوسی خۆی بدات دوای چواردە رۆژی تر وەهەم دەستووری عیراق ئەم مافەی داوە بە رۆڵەکانی گەلەکەمان و هەمیش ئەمە مافێکی سروشتی و یاساییە بە پێی هەمو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان .

کەواتە لە کوتاییدا دەڵێم ئەمرۆ رۆژی گەلی کوردستانە و خوری ئەم گەلە ستەمدیدەیە واخەریکە نزیک دەبێتەوە لە هەڵاتن و با خومان ئامادە بکەین بەرەو خور هەنگاو بنێین نەک بەرەو تاریکی هەمو ئەوانەی هەوڵ دەدەن لە ناوخوو و دەوروبەرمان شکەست بە ئیرادەی سیاسی گەلی کوردستان بێنن هەر گیز ناتوانن چونکە هەم دوزی گەلەکەمان لە دەستێکی ئەمیندایە و هەم هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان بە درێژایی سەدان ساڵ ئەوەیان سەلماندووە کە هەرگیز کوێلایەتی و ژێردەستەیی قەبوڵ ناکەن و سواری کەشتی سەربەخویی دەبن بەرەو کەناری ئارام و خوشبەختانە لە سەر ئاستی ناوخو و دەرەوش دا رۆڵەکانی کەلەکەمان بەردەوامن لە ریسوا کردنی بەرەی نەخێر و سەرکەوتنێکی گەورەش چاوەرێی گەلی کوردستانە لە روژی دەنگدان لە پروسەی ریفراندومی سەربەخویی هەرێمی کوردستاندا بە کوێرایی چاوی ناحەزان و نەیارانی دوزی رەوای گەلەکەمان.